www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 17:18 19-2-2007

## ڕاگەیەندراوی ڕێکخراوی خەبات، ی شۆڕشگێڕی کوردستانی ئێران لەسەر لێدوانەکانی ئەم دواییەی مامۆستا شێخ جەلال حوسێنی

بەناوی خودای بەخشندەی میهرەبان

لە مەودای شۆڕشەکاندا پەیدابوونی دەستە و تاقمی ڕێکخراو و ڕێکخەری کاروباری بزووتنەوە و کۆمەڵ و توێژەکانی گەل، شتێکی سرووشتییە و لێکدابڕان و هەڵوەشان و پەلپەلبوونیشیان هەروەها.
ڕێکخراوی خەباتی نەتەوایەتیی و ئیسلامیی کوردستان، کە لە قۆناغێکی زۆر هەستیار و تایبەتییدا سەریهەڵدا و بە تەواوی توانایەوە بەشداریی بزووتنەوەی ڕزگارییخوازیی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی لە چارەکەی دوایی سەدەی بیستەمدا کرد، کەرتبوون و لێکدابڕانێکی زەقی بەخۆیەوە بینی. لە 3 ی جۆزەردانی 1366 ی کۆچی - هەتاویی دا و دوای ماوەیەکی زۆری ململانێی ناوخۆیی، سەرکردایەتیی ئەوکاتی خەبات بە ڕێژەیەکی جیاوازی 70% و 30% ڕێکخراوەکەیان دووکەرت کرد. تا ئێرە بەرای ئێمە شتێکی سرووشتییە، بە تایبەتی بە وردبوونەوە لە ئیدئۆلۆژیی خەبات و کاتی سەرهەڵدانی و لایەنەکانی گەشەی ڕێکخراوەکە ئەم شتە، واتە دووکەرتبوونی خەبات، لەبەرچاوان سووک و ئاسانتر دەنوێنێ.
لەو ڕۆژە بە دواوە دوو لایەن بە هەموو شێوەیەکی دزێو و نەشیاو، بەڵام بە ڕێژەی جیاواز، کەوتنە گیانی یەک و یەکتریان دا شت و زۆرجارانیش لە سنوورەکان ئەولاتر دەچوون. ئەوکات ئەوی دەست و زمانی گەرم و بەگوڕتر بوو بەداخەوە بە ئازاتر و تەنانەت بە ڕەواتریش دادەنرا. لەم ڕووەوە مالّمان هەقە مامۆستا سەید جەلالەددینی حوسێنی و هاوکارەکانی زوو دەستوبردیان کرد و گشت سنوورەکانیان بەزاند و ئەوەی نەدەبوو بگوترێ و بکرێ، گوتیان و کردیان.
تێپەڕبوونی زەمان و گۆڕانی بارودۆخی بزووتنەوەی کوردایەتیی و هاتنە ئارای کەشی سیاسیی نوێ، ئاوی ساردی بەسەر ئەم ئاگرە و بەبەینی ئەو دوولایەنەدا کرد و تا ڕادەیەکی زۆر گڕوتینی دامرکاند.
بەڵام سەرەڕای ئەوەش لە بۆنە و یادەوەریی و ساڵوەگەڕەکاندا مامۆستا شێخ جەلال بۆخۆی یان لە ڕێگای کەسانی دەوروبەریەوە، کە زۆرتر لاکەوتەی ڕێکخراوەکانی دیکەی کوردستان بوون، بە چەند بوختان و تۆمەت و سووکایەتییەک یادێکی لە هاوخەباتییەکانی ڕۆژانی سەختی خەباتییەکان دەکردەوە، تا ئەو جێیە کە بە تاک و کۆ کۆنەهاوبیرەکانی خۆی کە لە ڕیزی ڕێکخراوی خەبات، ی شۆڕشگێڕدا شۆڕشگێڕانە درێژەیان بە خەبات و تێکۆشان دەدا، بە بەکرێگیراو و هاودەست و دەستنەدەخۆری ڕژیم و کرێگرتەکانی دادەنا.
هەر لەو چوارچێوەیەدا ماوەیەک لەمەوپێش مامۆستا شێخ جەلال لەگەڵ پێگەی ئینتەرنێتیی (دیمانە) دا وتووێژێکی کرد. لەو وتووێژەدا بەرێزی زۆر شت دەڵێ و گەلێک باسان دەکاتەوە کە هەموویان جێی تێڕامان و لێدوانن، بەڵام دوو سێ خاڵیان ڕێکخراوی ئێمە، ڕێکخراوی خەبات، ی شۆڕشگێڕی کوردستان، دەگرنەوە، هەر بۆیە بە مافی خۆمانی دەزانین ڕەخنەمان لێیان هەبێ.
ئێمە بە لەبەرچاوگرتنی ویستی خەڵک و بە هێند هەڵگرتنی بارودۆخی ئێستای شۆڕش و بانگەوازی دوورکەوتنەوە لە ڕووبەڕووبوونەوە و زۆر هۆی گرنگی دیکە خۆمان لە وەڵامدانەوەی وردی ئەو چەند خاڵانە دەبوێرین، بەڵام لە هەمان کاتدا بە پێویستی دەزانین ڕابگەیەنین کە:
1- سەردەمی پاوانکردنی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و بەکارهێنانیان بۆ شێواندنی ڕاستییەکان و تۆمەت وەپاڵ ئەم و ئەو دان و سووکایەتی کردن بە لایەنی بەرامبەر بەسەر چووە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

2- بچووک کردنەوەی رووداوی لەتبوونی ریکخراوی خەباتی نەتەوایەتی و ئیسلامیی کوردستان و نیشاندانی لە قالبی کێشەی نێوان دوو کەسی وەک ماموستا مەلا خدر و ماموستا شێخ جەلال، لەلایەن ماموستا شێخ جەلالەوە لەو دیمانەیە دا، پێچەوانەی راستییەکانە و هەڵەیەکی گەورەی مێژوویی و سیاسییە و نەدەبوو کرابا.

3-خالێکی دیکەی بەرچاو لەو دیمانەیەدا ئەوەیە کە دەستەواژە و دەربڕینەکانی ماموستا شێخ جەلال لە بەرامبەر سەرکردەیەکی گەورەی کورد و پێشەوایەکی زانای وەک ماموستا مەلا خدر عباسی دا لە ئەدەبیاتی دینیی و رەوشتی کوردەواریی و ئەخلاقی سیاسی دا گەلێک لاواز و ناتەواوە. ماموستا شێخ جەلال چۆن و بە چ حەقێک رێگە بەخۆی دەدا تۆمەت و بوختان وەپاڵ کەسایەتییەکی وەک ماموستا مەلا خدر و یەکێک لە دامەزرێنەرە سەرەکییەکانی رێکخراوی خەبات بدا و سووکایەتی بە تەمەنی پەنجا ساڵەی خەبات و زیندانیی و دەربەدەریی و فێرکردن و ماموستایەتیی ماموستا مەلا خدر عەبباسی بکا؟

بەو هیوایە دابی دزێو و فەرهەنگی ناسیاسیانەی خۆگەورەکردنەوە و ئەویتر بە بچووک و سووک نیشاندان لەنێومان نەمێنێ و جارێکی دیکە باڵی شووم و نەگبەتی خۆی بەسەر دۆخی سیاسی و کەشی شۆڕشی رزگارییخوازانەی کوردستاندا نەکێشێتەوە.

رێکخراوی خەبات، ی شۆڕشگێڕی نەتەوایەتیی و ئیسلامیی کورستانی ئێران
1385/11/21 بەرامبەر بە 2007/2/10

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.